بەندە نوێژێک دەکات، هیچی لە پاداشت بۆ نانووسرێت تەنها دەیەکی نەبێت، (یان) نۆیەکی، (یان) هەشتەکی، (یان) حەوتەکی، (یان) شەشەکی، (یان) پێنجەکی، (یان) چوارەکی، (یان) سێیەکی، (یان) نیوەی

لە عبد الله ی کوڕی عەنەمەوە دەڵێت: عەممارى کوڕى یاسرم بینى چووە نێو مزگەوتەوە و نوێژى کرد، و نوێژەکەى هەندێك بە پوختى کرد، کاتێک هاتە دەرەوە، هەستام و چووم بۆ لاى، ووتم: ئەى ئەبا یەقزان، نوێژەکەت تۆزێك بە خێرایى کرد، ئەویش ووتى: ئایا بینیت هیچ شتێکم لە پایە و واجبەکانیم کەم کردبێتەوە؟! ووتم: نەخێر، ووتى: من بە پوختى ئەنجامم دا پێش ئەوەى شەیتان سەرقاڵم بکات (بە وەسوەسەکانى)، گوێم لە پێغەمبەرى خودا بووە -صلى الله علیه وسلم- کە دەیفەرموو: «بەندە نوێژێک دەکات، هیچى لە پاداشت بۆ نانووسرێت تەنها دەیەکى نەبێت، (یان) نۆیەکى، (یان) هەشتەکى، (یان) حەوتەکى، (یان) شەشەکى، (یان) پێنجەکى، (یان) چوارەکى، (یان) سێیەکى، (یان) نیوەى».

[حەسەن - باش)] [(أحمد) ڕیوایەتى کردووە]

عەمارى کوڕى یاسر -ڕەزاى خوایان لێبێت- چووە نێو مزگەوت و نوێژێکى سوننەتى کرد، و نوێژەکەى هەندێك بە پوختى ئەنجامدا، کاتێک لە مزگەوت دەرچوو، عبد الله شوێنى کەوت، وێڕى ووت: ئەى ئەبا یەقزان، بینیم نوێژەکەت هەندێك بە پوختى ئەنجامدا ! عەمار ووتى: ئایا بینیت هیچ شتێکم کەم کردبێتەوە لە پایە و واجب و مەرجەکانى ؟! ووتى: نەخێر، عەمار ووتى: من نوێژەکەم هەندێك بە پوختى کرد؛ پێش ئەوەى شەیتان سەرقاڵم بکات. گوێم لە پێغەمبەر بوو -صلى الله علیه وسلم- کە دەیفەرموو: بەڕاستى بەندە نوێژێک دەکات، و لە پاداشتەکەى تەنها دە یەکى، یان نۆ یەکى، یان هەشت یەکى، یان حەوت یەکى، یان شەش یەکى، یان پێنج یەکى، یان چوار یەکى، یان سێ یەکى، یان نیوەى بۆ دەنووسرێت.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/65468